
# لە هەشتەمین ساڵیادی هونەرمەندی نەمر تەها خەلیل

**هەشت ساڵ بەر لە ئێستا هونەرمەندی ناسراوی کورد تەها خەلیل دوای تەمەنێکی زۆری پڕ لە خزمەت و کۆششی هونەری بۆ تا هەتایە ماڵئاوایی لێکردین، تەها خەلیل خاوەنی ئەزموونێکی دوور و درێژ بوو لە بواری هونەری نواندن و توانیویەتی خزمەتێکی دیار بە شانۆ و درامای کوردی بکات، سەرەڕای نالەباری تەندروستیی، بەڵام هەمیشە نەفەسی خزمەت گەیاندنی بە هونەری شانۆ و دراما درێژ بوو.**







تەها خەلیل ئامانجی لە کاری هونەری خزمەت کردنی خەڵک بووە وهەمیشە بەو گیانە کاری هونەری ئەنجام دەدا کە جیاواز بێت لەگەڵ کارەکانی پێشووی و لەم بوارەدا دەیوت: هەمیشە هەوڵ دەدەم کارەکەم جیاوازی هەبێت لەو کارەی کە پێشووتر کردوومە لەگەڵ ئەو کارە نوێیەی کە بەنیازم ئەنجامی بدەم، هەمیشە بەرنامەو پرۆگرامم بەو شێوەیە بووە، ئەگەر بزانم کارێکی نوێ کە ئەنجامی دەدەم لە کارەکانی پێشووم سەکەوتووتر نییە، بێگومان ئەنجامی نادەم، جیاوازییەکانی کارەکانیشم بێگومان بەراوردەکەی لای بینەرە.دەبێت پرۆژە هونەرییەکانمان لە زۆر رووەوە خزمەتی کۆمەڵگە بکەن، پێموایە بۆ ئەمڕۆ هەم گەردەلوول دەبێت هەوڵ بدەین لە هەموو روویەکەوە بە کاری نوێ و کاری مۆدێرن خزمەتی رەوتی هونەری نواندن بکەین.



تەها خەلیلی هونەرمەند پێی وابوو هونەری کوردی بەتایبەتی دراما پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و دەیوت: درامای کوردی لە گەشەکردندایەو پێموایە توانیویەتی هەنگاوی پێویست بنێت، بە مەرجی ئەوەی لەڕووی تەکنیکی هونەرییەوە



ئەمڕۆ لە جاران زیاتر گەشەی سەندووە، توانیویەتی بچێتە قۆناغێکی نوێوە، ئەوەی زیاتر دڵخۆشکەرە ئەوەیە کە ئەمڕۆ ڕۆڵی ئافرەت لە بواری دراما زیاترەو ئافرەتانیش توانیویانە لەو ڕووەوە زیاتر هەوڵی خۆیان بۆ خزمەتی هونەری نواندن بدەن، چونکە نەبوونی ئافرەت لە بواری شانۆ و دراما وەکو دەریایەکی بێ ماسی وایە.

لە بارەی ڕۆڵی هونەر لە پێشخستنی میللەتان و ئەرکی حکومەت لەو بوارەوە تەها خەلیل پێی وابوو: هەر میللەت و دەسەڵاتێك گرنگی بە بواری هونەر بدا، ئەوا بێگومان ئەو میللەتە زوو دەگاتە ئامانج و ئاواتی خۆی، هەرچەند گلەیی بچووکیش هەن کە هونەرمەندان ئاراستەی دەسەڵاتی دەکەنەوە، بۆ نموونە هەندێك هونەرمەند ژیانی خۆیان لە پێناوی خزمەتکردنی هونەر فیدا کردووە، دەبێت حکومەتیش بیر لە دابینکردنی ژیانی ئەو هونەرمەندانە بکاتەوەو بایەخی جدیان پێ بدات، دەبێت حکومەتی هەرێم زەمینەی زیاتر بۆ خزمەتی هونەرمەندان بڕەخسێنێت. هەروەها دەبێت لایەنی بەرپرس ئەوە بزانن کەوا هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزە ئاغا نییە، ئەوەی وتی من کاری هونەری دەکەم هونەرمەند نییە، دەبێت ئەو کارانەی پێشکەش دەکرێت دوای هەڵسەنگاندنی لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ ئینجا بڕیار لە سەر بەرهەمهێنانی کارێك بدرێت، نەوەك بیر لە خزم خزمێنە و برادەرایەتی بکرێتەوە.

تەها خەلیل پیاوێك بوو وەك گوڵ نەرم و ئارام لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا، بە هەڵوێست و بەوەفا لە بەرانبەر هاوکارانیدا، دڵ پڕ لە بەزەیی بوو بەرانبەر بەسەرهاتی خەڵکی نیشتمانەکەی، هزری نەتەوایەتی و خۆشەویستی بۆ گەلەکەی لەگەڵ خوێنیدا تێکەڵ ببوو، ئەمەشی لە ڕێی هونەرەوە دەربڕیوەو شانۆو دراملی دەکردە پەیامێك بۆ بەرەنگاربونەوەو هەستانەوەی هونەر لە پێناوی عەشق و جوانی و خاك و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتیدا، وێڕای ئەوەی ئەکتەرێکی بوێر و خاوەن دەنگ وسەدایەکی تایبەت بوو وەك کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتیش بە درێژایی ٦٠ ساڵ خەمخۆر و پەرۆشی بەردەوامی دراما و شانۆی کوردی بووە.

کۆچی دوایی تەها خەلیل بە زیانێکی گەورە دەزانین بۆ بزاڤی هونەری شانۆ و درامای کوردی کە ئەکتەرێکی پرۆفیشناڵ و ئەستێرەیەکی خۆشەویستی پرشنگداری لێ ئاوا بوو، کەسایەتییەك کە بە هونەرەکەی خزمەتی بە مەسەلە و بزاڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلەکەی دەکرد.



## بیبلۆگرافیا

- لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی مەڵکەندی لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٥٨دا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراوە و خوێندنی تەواو کردووە.
- لە زۆر دراما و فیلم و شانۆ و کاری نواندنی تەلفزیۆنی و ڕادیۆییدا ڕۆڵی بینیووە و خەرمانێك لە کاری هونەری دوای خۆی بەجێهێشتووە.
- یەکەمین دەرکەوتنی لەسەر شانۆ لە تەمەنی ١٠ساڵییەوە لە شانۆگەری (قوربانیەك لە ڕێی داوێن پاکیدا) بوو کە لە نووسینی- عادل تەها-ی برای خۆی بووە و تێیدا ڕۆڵی منداڵێکی هەژار و کەم دەرامەتی بینیوە.
- دواتر چیرۆکەکەی (أ.ب، هەوری) بەناوی (دڵداری و پەیمان پەروەری) یان کە کردبووە تەمسیل وئەم ڕۆڵی ئافرەتی بینیوە، چونکە لەو سەردەمەدا ئافرەتی کورد بەسەر شانۆوە نەبوون.
- یەکێك بووە لە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، و لە ١٩٥٧/٦/١٩ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی شانۆی کوردیدا مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمیتەی نواندنی یەکەمین تیپی شانۆیی سلێمانیان وەرگرت.
- هەر لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا تەها خەلیل کاری ئەکتەر، وەرگێڕ، ئامادەکاری دەقی شانۆیی، نواندی کردووە، لە شانۆ دیارەکانی ساڵی پەنجاکاندا ڕۆڵی بینیوە وەك (پیسکەی تەڕپیر، خۆم بە خۆمم کرد، ئەمرەکەی بەگم، لە ڕێی نیشتماندا، گلکۆی تازەی لەیل، مەم و زین، بێ ئیشی، سەری گلۆڵەکە، ئۆتێللۆ) و دەیان کاری دیکە.
- لە دوای ساڵی ١٩٩١ لە چەند زنجیرە درامایەکدا ڕۆڵی بینیووە، و چەند کارێکی لەگەڵ دەرهێنەر حسێن میسریدا کردووە.
- دوای تەمەنێک لە خزمەتی هونەریی، ڕۆژی ١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ لە کاتی تۆمارکردنی زنجیرە درامای ڕەیحانە کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی لوقمان غەریب بوو کە تێیدا ڕۆڵی کوێخا فەرەجی دەبینی و لە کاتی تۆمارکردنی دیمەنەکانیدا کۆچی دوایی کرد و نەیتوانی هەموو ڕۆڵەکەی خۆی تەواو بکات و دواتر لە گردی شێخ مارفی نۆدی بە خاک سپێردرا.



# خەون بە کارکردن لەگەڵ عادل ئیمام دەبینێت

شاجوانی پێشووتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەحلام حەجی رایگەیاند کەوا لەئێستادا سەرقاڵی تۆمار کردنی ئەڵقە سەرەتاییەکانی بەرنامە نوێیەکەیەتی کە تا ئێستا پەخش نەکراوە و ناوی ناوە (ڤیزا)، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بۆ ئەم مەبەستە سەردانی چەند شارێکی وڵاتانی عەرەبی و رۆژئاوا و ئەمریکا دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیەی سەبارەت بە بەرنامە نوێیەکەی دایناوە و بڕیار وایە لە کەناڵێکی عێراقی پەخش بکرێت.

ئەحلام کە پێشتر چەند جارێکی سەردانی کوردستانی کردووە بە مەبەستی بەشداری کردن لە چەند پرۆژەیەکی تایبەت بە نمایشی جلوبەرگ و شاجوانی و سەردانی کەمپەکانی ئاوارەکانی کردووە لە چوارچێوە کارە خێرخوازییەکانی رێکخراوێکی (خەونی منداڵانە) کە خۆی سەرپەرشتی دەکات، ئاشکرای کرد تا ئێستا چەندین ئۆفەری پێشکەش کراوە بۆ بەشداری کردن لە کاری نواندن، لەو بوارەوە وتی: پێم باش بوو سەرەتا روو لە بواری میدیا بکەم و دوای ئەوەی لە بەرنامەی (فاشن دریم) سەرکەوتنم بەدەستهێنا، ئێستا بیر لە بەرنامەیەکی تەواو جیاواز دەکەمەوە

شاجوانی پێشووتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رەتی کردەوە کە پاڵێوراو بێت بۆ بەشداری کردن لە زنجیرە درامایەك شان بە شانی ئەستێرەی ناسراوی کۆمیدیا عادل ئیمام و لەم بارەوە وتی: هیوادارم بتوانم بەرامبەر بە ئەستێرەیەکی گەورەی هاوشانی عادل ئیمام رۆڵ ببینم، بێگومان ئەوە خەونی من و هەر کەسێکی دیکەیە کە حەز بە بواری نواندن بکات، بەڵام من دەمەوێ لە ئێستادا سوود لە کات وەربگرم سەبارەت بە ئەزموونی نواندن و لە ناوەڕۆکی هەر کارێك ورد بمەوە کە پێشکەشی دەکەم، چونکە نامەوێ لە یەکەم هەنگاومدا وەك ئەکتەرێکی نا کامڵ دەرکەوم.

# جۆنی دیب ئیفلاسی کردووە



ماڵپەڕێکی ناسراوی جیهانیی تایبەت بە هەواڵی هونەرمەندان رایگەیاند ئەستێرەی ناسراوی هۆلیۆد جۆنی دیب رووبەڕووی گرفتێکی دارایی گەورە بۆتەوە و قەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکە بووە کە دانەوەیان لە ئێستادا زۆر زەحمەتە.

لەم بارەوە ماڵپەڕی دیدلاین بڵاوی کردەوە کە دیب لەسەر داوای بەڕێوەبەرانی کارەکانی ناچار پێنج لە خانووەکانی خۆی بفرۆشێت کە نرخەکەیان دەکاتە نزیکەی ١٩ ملیۆن دۆلار، بەڵام قەرزەکانی تەنیا پێنج ملیۆن دۆلارە، ماڵپەڕەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە دیب لە ساڵی ٢٠١٢ قەرزەکانی داوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ وەستاوە لە دانەوەی قەرزەکانی، بۆیە قەرزەکانی کەڵەکە بوون و سوودێکی زۆریشیان هاتۆتە سەری.

ماڵپەڕی ناوبراو ئەوەشی ئاشکرا کرد کە دیب ناچار بوو قەرەبوویەکی ماددی زۆر بدات بە خانمە ئەکتەر ئەمبر هێردی هاوسەری پێشووی دوای جیابوونەوەیان و لەم رووەوە ناچار بووە بڕی ملیۆن دۆلاری پێشکەش بکات لە ماوەی سێزدە مانگدا.

لەلایەکی دیکەوە دیب ئامادەی یەکەم نمایشی فیلمە نوێیەکەی بوو کە بە ناوی “Murder On The Orient Express” و لە یانەیەکی شاری لەندەن نمایش کرا بە ئامادەبوون ژمارەیەك لە ئەستێرەکان و تیمی فیلمەوە، بەڵام دیب لەسەر فەرشی سووری هۆڵی شاهانەی ئەلبێرت بە بێ هۆشی ئامادە بوو و بۆدی گاردەکەی ناچار بوو دەستی بگرێت بۆ ئەوەی لەسەر فەرشی سوور نەکەوێتە خوارەوە.



# گۆرانی گوتن لە شاکیرا قەدەغە دەکرێت

خانمە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی شاکیرا لە رێگای ئەکاونتی خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگرام پەیامێکی بۆ جەماوەری خۆی رایگەیاند کەوا لەسەر ئامۆژگاری پزیشکەکانی و بۆ پاراستنی قوڕگی ناتوانێت بۆ ماوەیەك ئاهەنگ ساز بکات و گۆرانی بڵێت.

شاکیرا لە پەیامەکەیدا رایگەیاندووە: لە رۆژانی کۆتایی پرۆڤەکانمدا، بەداخەوە پەتکەکانی دەنگم ئازاری زۆریان پێگەیشت، بۆیە پزیشکان پێیان باش کە بۆ ماوەیەك بحەسێمەوە و خۆم لە فشار دوور بخەمەوە بۆ ئەوە زیانێکی زیاتریان پێنەگات، چونکە بەگوێرەی قسەی پزیشکان ئەگەر لە ئێستادا بەردەوام بم دوور نییە لە داهاتوودا ناچار بم بە یەکجاری لە گۆرانی وتن دووربکەومەوە، بۆیە من هەست بە بێزاری و نائومێدییەکی زۆر دەکەم، چونکە ناتوانم بۆ ماوەیەکی زۆر ئاهەنگ ساز بکەم و ناچارم لێتان دابڕێم.

لەلایەکی دیکەوە ئەستێرەی یانەی بەرشەلۆنە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا کە هاوسەری شاکیرایە ئەو هەواڵانەی رەت کردەوە کە باس لە جیابوونەوەیان دەکەن و لەم بارەوە گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردۆتەوە کە پەنجەی لە دەمی ناوە ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کەسانەی کە پروپاگەندەی لەو جۆرە بڵاو دەکەنەوە بۆ ئەوەی بێدەنگ بن و خۆیان لەو جۆرە پروپاگەندانە بە دوور بخەن و چیتر باس لە ژیانی تایبەتی هونەرمەندان نەکەن.



بێریڤان جەعفەر:

# راگەیاندنی عەرەبی زیاتر لە کوردی پاڵپشتی کردووم

**لە رۆژئاوای کوردستان دەیان هونەرمەندی گەنج هەن کە توانییوانە درێژە بە کاروانی نەمری هونەرمەندانی پێش خۆیان بدەن، بەڵام بە هۆی رووداوەکانی ئەم دواییەی سووریا زۆریان روویان لە ئەورووپا و وڵاتانی عەرەبی کردووە، یەکێك لەوانە بێریڤان جەعفەرە کە خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە و ئێستا لە ئیمارات نیشتەجێیە و کاری هونەری دەکات لە پای گۆرانی و میوزیک بژێوی ژیانی پێ دابین دەکرد، ئێستا لە ئیمارات بێریڤان دەنگێکی ناسراوەو داخوازی زۆری لەسەرەو یەکەمین گۆرانیبێژی کوردە بە شێوەزاری ئیماراتی گۆرانی دەڵێت، لە هەڤپەیڤینێکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** چۆن بوو رووت لە بواری هونەری کورد و کێ هانیدای؟**

- من لە ساڵی ١٩٩٠ لە عەفرینی رۆژئاوای کوردستان لە دایکبووم، من لە خانەوادەیەکی هونەری گەورە بووم براکانم موزیکژەنن هەروەها دایکیشم دەنگی خۆشە، منیش هەر لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە لە ئاهەنگە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکانی وەکو نەورۆز گۆرانیم دەگوت، کە چوومە زانکۆ تیپێکی هونەری گەورەی تایبەت بە زانکۆی حەلەب هەبوو، لەوێش گۆرانیم گوت. دوای ئەو شەڕوماڵوێرانییە بەسەر سووریاو رۆژئاوای کوردستان هات، ئیدی لەبەر شەڕ و خراپبوونی رەوشی عەفرین ناچار بووم تیپەکەشم جێهێشت و رامانکرد و ماوەی سێ ساڵە لە دوبەی دەژیم و کاری هونەری دەکەم.

*** کە چوویتە ئیمارات بە کوردی گۆرانیت گوت، یان بە عەرەبی؟**

- دوای ئەوەی روومان لە ئیمارات کرد سەرەتا بە کوردی گۆرانیم گوت، ئەوانەی گوێیان لە دەنگی من بوو زۆریان پێخۆش بوو، بەڵام نەیاندەزانی چ زمانێکە بۆیە ئیماراتییەکان لێیان پرسیم ئەم زمانەی تۆ گۆرانی پێ دەڵێی تورکییە؟ منیش گوتم نەخێر ئەوە زمانی کوردییە، لەبەر ئەوەی میللەتێکی کراوەن و جیاوازی ناکەن لە نێوان نەتەوەکان و داوایان لێکردم گۆرانی زیاتر بە زمانی کوردی بڵێم، هەر هەمان ساڵ لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو سەعید گاباری ئاهەنگی نەورۆزمان لە ئیمارات ساز کرد، لەوێ بە کوردی و عەرەبی گۆرانیم گوت، هەروەها بە شێوەزاری کەنداویش گۆرانی دەڵێم.

*** رووبەڕووی ئاستەنگ نەبوویتەوە لە ئیمارات؟**

- بێگومان رووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بوومەتەوە، بەتایبەتی لە دۆزینەوەی سازژەن، لە ئیمارات کورد هەن، بەڵام سازژەنیان نییە، ئەگەر هەشبووبێت ئەوا زۆر دوور بووە، بە پێچەوانەوە لە کوردستان و ئەورووپا موزیسیانی کوردی زۆر بە ئاسانی دەست دەکەوێت، لە یەکەم ئاهەنگم رووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بوومەوە تاکو موزیسیانی کوردیم دۆزییەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات موزیسیانم دۆزییەوە، کەسانێك لە دەرەوە هاتن و هاوکاریان کردم و ئێستاش بەردەوامین لە کاری خۆمان.

*** لە سەرەتای کاری هونەریت چ هونەرمەندێك کاریگەریی بە سەر تۆوە هەبوو؟**

- ئەوەی راستی بێت زۆر لە هونەرمەندان کاریگەرییان بەسەر منەوە هەبووە، وەك شڤان پەروەر و چەندین هونەرمەندی دیکە، بەڵام نموونەی باڵای من لە بواری هونەری نەمر محەمەد شێخۆیە تا ئێستاش بە تامەزرۆییەوە گۆرانییەکانی دەڵێمەوە.

*** تۆ لە سەرەتای کاروانی هونەری کوردیی، راگەیاندنی کوردی توانییەتی خزمەتی هونەری کوردی کردووە؟**

- دەتوانم بڵێم یارمەتی منی داوە، بەڵام بەو شێوەیە نەبووە کە من دەمویست، بە پێچەوانەوە میدیای عەرەبی زۆر زۆر یارمەتیی داوم، بۆ نموونە دوایین گۆرانیم کە یوسف عومانی لە گوگل بڵاوی کردەوە لە نێو میدیای عەرەبی گرنگییەکی زۆری پێدرا لەلایەن رۆژنامە عەرەبییەکانەوە، کوردییەکانیش بە سوپاسەوە گرنگیان پێدا، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردم و دوا کۆپلەی گۆرانییەکەش بە زمانی کوردییە حەزم دەکرد زیاتر بوایە.

*** گۆرانی (بعد قلبی) چۆن بەرهەمهات؟**

-کە چوومە ئیمارات دەستم بە گۆرانی گوتن کرد ئیماراتییەکان یەکێکن لەو میللەتانەی زۆر کراوەن و پێشوازی لە کولتوورو فەرهەنگی جیاوازی دیکە دەکەن، پێموایە کۆمەڵگای ئیمارات زۆر پێشکەوتوون و بە رووی جیهان کراوەن، ئەمەش وایکردووە دەنگ و رەنگی زۆر جیاواز لە کولتووری عەرەبی و ئیماراتی لەم وڵاتەدا جێگایان ببێتەوە تێکەڵی کەلتووری یەکدیش دەبن، گۆرانییەکم بەناوی «بعد قلبی» بەزمانی عەرەبی و شێوەزاری ئیماراتی وکەنداوی تۆمارکرد، کە لە ئاوازو تێکستی یوسف عومانییە، ئەم گۆرانییە پێشوازییەکی زۆر باشی لێکراوە، ئێستا ئەم گۆرانییە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوب هەیەو بینەرێکی زۆری هەبووە، ئەم گۆرانییەی من زۆر باش دەنگدانەوەی هەبووەو لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکان داواکاری زۆری لەسەر هەیە، جگە لەمەش لە یوتیوب و فرۆشگا ئۆنلاینەکان بینەری زۆر بووە. بڕیارە گۆرانی دووەمم، کە ئێستا کاری لەسەر دەکەم گۆرانییەکی کوردییەو بەشێوەزاری کورمانجی تۆماری دەکەم و لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاوی دەکەمەوە.

پەیوەندی تۆ لەگەڵ هونەرمەندانی ئیماراتی و عەرەب چۆنە؟ بیرتان لەوە نەکردووەتەوە لەگەڵ هونەرمەندێکی عەرەب دوێتێک بکەن؟

پەیوەندییەکی باش وبەهێزم لەگەڵ هونەرمەندانی عەرەب و ئیماراتی هەیە، چونکە لە ئیمارات هونەرمەندی عێراقی و سووری ولوبنانی زۆر هەیە، ماوەیەکە سەرقاڵی کارێکی هاوبەشم لەگەڵ هونەرمەندێکی بەناوبانگی عەرەبم بەڵام نامەوێت جارێ ناوی ئەم هونەرمەندە ئاشکرا بکەم، کە گۆرانییەکە بە زمانی کوردی و عەرەبییەو لەسەرەتای ساڵی داهاتوو بەنیازین ئەم گۆرانییە بڵاوبکەینەوە، کە پێموایە دەبێتە سوپرایزێکی جوان.